# پەیوەندی نێوان زمان و جیهان لە فەلسەفەی بێرتراند ڕاسڵ-دا

**ئارام قادر صابر**

بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

لە فەلسەفەی هاوچەرخدا بەگشتی و لە فەلسەفەی زماندا بەتایبەتی، یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی فەلسەفاندن و توێژینەوە فەلسەفییەکان بریتییە لە پەیوەندی نێوان زمان و زانینی جیهان. (بێرتراند ڕاسڵ) وەک یەکێک لە ڕابەرانی ئاراستەی شیکاری لۆژیکی لە فەلسەفەی هاوچەرخدا، بونیادی لۆژیکی بۆ زمان بە گرنگ دەبینێت، لە دەروازەی لۆژیکەوە جارێکی تر زمان و واتا و زانین پێناسە دەکاتەوە و جیهانیش لە فاکتی لۆژیکی دروستدەکاتەوە. ئیدی بەم شێوەیە جارێکی تر ڕایەڵێکی لۆژیکی لە نێوان زمان و داکەوت (ڕوودانگە)دا دروستدەکرێت و خواستی ئەوەی هەیە ڕایەڵە ترادیسیۆنییەکانی پێشوتر تێکبشکێنێت و وەک نەتوانا لە زانین و ڕاڤە و لێکدانەوەی جیهان و ڕووداوەکانیدا بیانناسێنێت.

بۆ ئەم مەبەستە، بێرتراند ڕاسڵ هەوڵێکی بێ وێنە دەدات و چەندین نوسین، گوتار و کتێب دەخاتە نێوەندی گفتوگۆ فەلسەفییەکانەوە، کە تا ئێستاش بایەخی بەردەوامیان هەیە و توێژەران وەک سەرچاوە و تێزی ڕەسەن بە بنەما دایاندەنێن. ئەم توێژینەوەیە دەخوازێت لە ژێر ڕۆشنایی تێز و ئارگیومێنتەکانی ڕاسڵدا، پەیوەندی نێوان زمان و جیهان ڕاڤە بکات و لە تێگەیشتنێکی جیاوازەوە بۆ زانین و ڕوداوەکان بگات بە فۆرم و بونیادێکی جیاواز لە بون و جیهان، کە ئەم خواستە هاوکار دەبێت بۆ کاراییەکانی زمان لە بەرجەستەکردنی زانینی دروست لەبارەی بابەتەکانی نێو جیهان، ئەو جیهانەی، کە لە ڕوانگەی ئێمەدا بونگە (شوێنی بون)ی فاکت و ڕوداوەکانەو بونیادێکی لۆژیکی هەیە.

هەوڵەکانی ڕاسڵ بۆ هەڵبەستنی ڕایەڵی نێوان زمان و کەتوار/واقیعی نێو جیهان چەندان تێز و ئارگیومێنتی پڕبایەخی بەرهەمهێناوە، کە لەسەر بنەمای لۆژیکی شرۆڤەیی زمان دەکات بە ڕاسەڵە و جیهانیش دەکات بە فاکت، هەروەها تیۆری واتا و تیۆری وەسفەکان و ناوی ناسراو لە ڕێگەی ڕاسەڵە ئەتۆمییەکانەوە ڕێکدەخات و چۆنێتی و پەیوەندی نێوان شتەکان و ڕوداوەکان لێکدەداتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** بێرتراند ڕاسڵ، زمان، جیهان، زانین، لۆژیک، ڕاسەڵە، فاکت.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper14
**Received:** 11-Sep-2022
**Accepted:** 24-Oct-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
aram.sabir@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

(بێرتراند ڕاسڵ/Bertrand Russell 1872–1970) فەیلەسوفی بەریتانی، نوسەری دەیان کتێب و گوتارە لەبارەی فەلسەفە و مێژوی فەلسەفە، لۆژیک و ماتماتیک، زمان، فەلسەفەی شیکاری، زانین و فەلسەفەی زانست، ئێتیک و سیاسەت، بەختەوەری، ئاشتی، ئازادی، پەروەردە و ئەدەبیات، و چەندان بابەتی دیکەی فەلسەفی و هزریی. ڕاسڵ، کە هەڵگری خەڵاتی نۆبڵە، دەتوانرێت بە فەیلەسوفی ئینسایکلۆپیدی سەدەی بیستەم دابنرێت، چونکە بە دەگمەن بابەتێکی گرنگی ئەو سەدەیە دەبینرێت ئەو کاری لەسەر نەکردبێت، تەنانەت بۆچونەکانی بەگشتی و بۆچونە سیاسییەکانی بەتایبەتی ئەویان کرد بە فەیلەسوفێکی ناسراو لە سەر ئاستی وڵاتانی جیهان، کەواتە گرنگە لە زمانی کوردی و توێژینەوەی کوردیدا کار لەسەر ئەم فەیلەسوفە و تێزەکانی بکرێت.

فەلسەفەی زمان وەک ئاراستە و وەرچەرخان لە فەلسەفەی هاوچەرخدا ڕۆڵێکی ناوەندیی گرنگ دەبینێت، بە تایبەت لەلای بێرتراند ڕاسڵ و هاوسەردەمەکانی لە فەلسەفەی شرۆڤەیی و لۆژیکیدا. بەجۆرێک سەدەی بیستەم بۆ هەندێک لە توێژەر و فەلسەفەکاران بریتییە لە فەلسەفەی زمان. کەواتە فەلسەفەی زمان یەکێکە لە بابەت و کێشە سەرەکییەکان لە فەلسەفەی بێرتراند ڕاسڵدا، بەجۆرێک زۆرێک لە نوسین و توانستی خۆی لەو بوارەدا خستۆتەگەڕ و خۆیشی بوە بە ئایکۆن و فیگەرێکی گرنگ لە فەلسەفەی زماندا. ئەمەش زیاتر لەو کارکرد و هێزانەی زماندا دەردەکەوێت، کە ڕاسڵ پێیوایە زمان زیاترە لە ئامرازێکی پەیوەندی و دەربڕین، بەڵکو پێویستە بەها، ئەرک و کاریگەری بۆ زمان دابنێین و تەنانەت لە ناو سیستمی ماریفیدا پێگەی سەرەکی پێبدرێت.

کێشەی توێژینەوەکە: زمان دەتوانێت لە نێوان ئێمە و جیهاندا ڕۆڵی زانین و ناساندنی فاکتەکانی جیهان و هەواڵپێدانمان بێت لەبارەی جیهانەوە، هەروەها دەتوانین دۆخ و بۆچونەکانی خۆمان لە ڕێگەی زمانەوە بخەینەڕو، هاوکاتیش کاریگەری زانینەکی (مەعریفی)، دەرونی و باوەڕیی جۆربەجۆر لەسەر گوێگر و بەرامبەر دابنێین. لەم لایەنەوە توێژینەوەکە ئاشنابون بە پەیوەندی نێوان زمان، کەتوار و ڕوداوی شتەکانی نێو جیهان و زانینیان دەکات بە گرفتی سەرەکی خۆی، لەمەشەوە زیاتر بە ڕاسڵ و کارەکانی لە لۆژیک و زماندا ئاشنا دەبین. کەواتە ئەم توێژینەوەیە لە چێوەی فەلسەفەی زماندا ڕودەکاتە تێز و بۆچونەکانی بێرتراند ڕاسڵ، بە مەبەستی دەرخستنی کارکردی زمان و پەیوەندی لەگەڵ جیهان و کەتواردا، کە توێژینەوە لەوبارەیەوە بەهایەکی گرنگی فەلسەفیی و ئیپیستیمۆلۆژی هەیە.

گریمانەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە تێزێک دەکات بە گریمانەی سەرەکی خۆی، ئەویش ڕوانگەی ڕاسڵە لە بارەی پەیوەندی لۆژیکیانە و زانینەکییانەی نێوان زمان و جیهان، کە تێگەیشتن و ئاشکراکردنی جیهان لە ڕێگەی زمانەوە شیاوە، کاتێک زمان و جیهان لەباری لۆژیکیدا ڕێکبخرێن.

گرنگی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە گرنگی لۆژیکی، واتایی و زمانیی هەیە لە زانین و تێگەیشتنی جیهان و ئاشکراکردنی شێوازێکی بون لە ڕێگەی زمانەوە وەک سیستمێکی هێمایی، لۆژیکی و زانینەکی. هاوکات پەیوەندی نێوان زمان و جیهان وەک بابەتێکی لۆژیکی و فەلسەفی دەکاتە زەمینەی دیالۆگی زانستییانەی زیاتر.

ئامانجی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە ئامانجیەتی، کە بگات بە ڕایەڵ و پەیوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان زمان و جیهاندا، ئەمەش بە مەبەستی تێگەیشتن و زانین لەبارەی جیهان و شتەکان و ڕوداوەکانییەوە.

مێتۆدی توێژینەوەکە: لەبەرئەوەی کە، فەلسەفەی زمان سەر بە فەلسەفەی شرۆڤەییە، کەواتە پێویستی بە مێتۆدی شرۆڤەییە تاکو توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت، بەم هۆکارە مێتۆدی شرۆڤەیی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە و لە مێتۆدۆلۆجی توێژینەوەکەدا بە تەواوی ڕەنگیداوەتەوە.

پەیکەربەندی توێژینەوەکە: پلان و پەیکەرەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوازی گوتاری داڕێژراوە. واتە سەرجەمی توێژینەوەکە وەک یەکەیەکی یەکگرتو دانەبڕاو دێتە بەرچاو، بەڵام تەنها لە تیما و بیرۆکە سەرەکییەکاندا ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی جیاکراونەتەوە، بە جۆرێک لە پێشەکی و پێنج تەوەری سەرەکی پێکهاتوە. تەوەرە سەرەکییەکانیش بریتین لە: (تەوەری یەکەم: جیهان لە نێوان فاکتەکان و شتەکاندا، تەوەری دوەم: تیۆری وەسفەکان، تەوەری سێیەم: تیۆری ڕاسەڵە، تەوەری چوارەم: تیۆری واتا و تەوەری پێنجەم: زمان و زانین).

توێژینەوەکانی پێشتر: بە گەڕانەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشتر لەبارەی فەلسەفەی زمان و فەلسەفەکەی ڕاسڵ، بەتایبەت بە زمانی کوردی و لە کتێبخانەی کوردیدا، هیچ توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەلایەنی ناوەڕۆک و ناونیشانەوە نەدۆزرایەوە، تەنانەت هیچ تێکستێکی ڕاسڵ لەبارەی فەلسەفەی زمان و لۆژیک وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. لەبەرئەوە بەشێوەی سەرەکی پشت بە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ڕاسڵ و توێژینەوەی توێژەرانی پسپۆر لە زمانەکانی دیکە بەستراوە بۆ ئەوەی ببنە بناغەی تێگەیشتن، شرۆڤەی چەمک و تەوەر و تێزەکانی ڕاسڵ لەبارەی زمان و کەتوار و پەیوەندییان لە نێو جیهاندا.

## تەوەری یەکەم: جیهان لە نێوان فاکتەکان و شتەکاندا

لە توێژینەوەی فەلسەفیدا، مرۆڤ و پەیوەندییەکانی بە جیهانەوە بریتییە لە تەوەری سەرەکی توێژینەوە و هزرینی عەقڵانی. (جیهانی دەرەکی) جیهانی شتەکان و بابەتە هەبوەکانە، کە لە نێوانیاندا مرۆڤیش (وەک جەستە و بابەتێک) یەکێکە لە شتە هەبوەکان، بەڵام بونی مرۆڤ هاوشێوەی بونی شتەکان ڕاڤەناکرێت و یەکسان ناکرێت، بەڵکو لە خۆیدا جیهانێکی هەیە و بە (جیهانی ناوەوە) ناودەبرێت (هەرچەندە مەبەستی ئێمە فەلسەفەی بونگەرایی نییە، بەڵام زمان و زانین تایبەتمەندی مرۆڤن، کەواتە لێرەشدا کێشەکە دەکەوێتە نێوان بون و زانین). لەبەرئەوەی، مرۆڤ بونەوەرێکی خودان ژیریی و زمان و زانینە، بەم هۆیەوە توانستەکانی ئەو لە ژیاندا لە هی بابەتەکانی دەوروبەری زۆر زیاترە. بە درێژایی مێژوی فەلسەفە و بە تایبەتتر لە سەرەتاکانی مۆدێرنەی فەلسەفەی ئەوروپییەوە، واتە لە (ڕێنێ دیکارت 1596–1650)ی فەرەنسییەوە، هەردو جیهانەکە لە ژێر ناوی ژیریی و ماددە (یاخود عەقڵ و جەستە) لە دوالیزمێکی بەرامبەر یەکدی دانراون.

کێشەی دوالیزمی فەلسەفییانە، زۆر جار لەلای فەیلەسوفان و لە مێژوی فەلسەفەدا بەشێوازی دیکەش مشتومڕی لەبارەوە کراوە. بۆ نمونە پرسی (هەمەکی و هەندەکی)، پرسی (ناوگەرایی و جەوهەرگەرایی)، پرسی (هەڵگر و هەڵگیراو) لە گوزارەی لۆژیکیدا و پەیوەندی نێوانیان، هەروەها پرسی (خود و بابەت) لە جیهاندیدی فەلسەفەی ئایدیالیزم و پەیوەندی نێوان جیهان و ئاگایی مرۆڤ. هەمو ئەمانە ڕەنگدانەوەی کێشەی نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەی واتە جیهانن، کە چۆن تییان بگات و بیانزانێت، هاوکات پەیوەندی نێوان شتەکان لەلایەک و

نێوان خۆی شتەکان لەلایەکی دیکەوە دروست بکات و لە سنوری زانیندا یەکلایان بکاتەوە. بێرتراند ڕاسڵ جیاواز لە زۆرێک لە فەیلەسوفان، لە دەروازەی لۆژیک و زمانەوە هەوڵی چارەسەر و ئاشکراکردنی بونیادی کێشەکە دەدات، پێیوایە سەرەکیترین یەکەی زمان بریتیین لە ناوەکان، لەبەرئەوە لەسەر بابەتەی (ناوی ناسراو و ناوی گشتی) دەوەستێت (حمود، 2011، 115)، کە دواتر لە تەوەرەیەکی جیاوازدا باسی لێوەدەکەین.

جیهان لە مەبەستی ڕاسڵدا بریتییە لە سەرجەمی فاکتەکان، فاکتەکانیش دەبێ لەگەڵ کەتوار دا بەراورد بکرێن، واتە جیهان واقیعییە و ئەوەی تییدا ڕوودەدات لە چۆنیتی و دۆخەکان و پەیوەندی نێوان شتەکان پێویستە بناغەیەکی لۆژیکی هەبێت بۆ تێگەیشتن لێی (رشوان و جمیل، 2012، 137). لە فەلسەفەی شیکاریی لۆژیکیدا، هەوڵدەدرێت ئەم کێشە فەلسەفیەی نێوان مرۆڤ و جیهان، بەڕێگەی لۆژیک و زمانەوە چارەسەر بکرێت، بێگومان ئەمەش دەکەوێتە سەر زانین و ئیپیستیمۆلۆجی، بێرتراند ڕاسڵ لە هەوڵەکانیدا بۆ دوبارە پێناسەکردنەوەی جیهان، هاوشێوەی (لودڤیگ ڤیتگنشتاین 1889–1951) جیهان لەسەر بنەمای لۆژیک و فاکتەکان پێناسە دەکات، کە لەسەر زانین و زمان وەستاون.

جیهان لە ڕوانگەی ڕاسڵ-ەوە ئاڵۆزە، هاوکات جیهان بۆ ئەوەی بزانرێت و ئاشکرا بکرێت دەبێت لە وێنەی فاکتدا بێت نەک شت، کەواتە فاکتەکانیش ئاڵۆزن، بۆ تێگەیشتن و زانینیان پێویستمان بە مێتۆدەی شیکاری هەیە تا بگەینە سادەترین و ناسراوترین یەکەی پێکهێنەر، چونکە هەمو توخمێکی ئاڵۆز، ئاوێتە و لێکدراو لە یەکە و پێکهێنەری سادە پێکهاتوە (Russell: 1912, 167)، کە ڕاسڵ ئەم شیکردنەوەی جیهان بەڕێگەی زمان و لۆژیکەوە ناودەنێت (ئەتۆمیزمی لۆژیکی/ الذرية المنطقية/ Logical Atomism) و دواتر لەبارەیەوە دەدوێین. هەر لەو گوتارەیدا، ڕاسڵ وەها فاکت دەناسێنێت، کە شتێکی دیاریکراوە و خاوەن چۆنێتی و پەیوەندی دیاریکراوە. دواتر، دەربڕینە گرنگەکەی ئەو دێت، کە دەڵێت: "جیهان لە فاکتەکان پێکهاتوە نەک شتەکان" ئەمەش هەمان تێڕوانینی (لودڤیگ ڤیتگنشتاین) بو، کە لە سەرەتای کتێبە بەناوبانگەکەیدا (تراکتاتوس) دەریبڕیبو: "جیهان سەرجەمی فاکتەکانە، نەک شتەکان" (Wittgenstein, 2010, 5). ئەم شیکردنەوەیەش بە ڕێگەی لۆژیک و زمانەوە دەبێت، کە لای ئەوان بریتییە لە شیکاریی لۆژیکیانە بۆ زمان، چونکە زمانی ئاسایی و ڕۆژانە نەتوانایە بەرامبەر شیکاری لۆژیکییانەی شتە ئاڵۆزەکان، لە کاتێکدا زمانی لۆژیکی و نمونەیی بە ڕێگەی هێماکانەوە توانستی شیکاریی وەک مێتۆدەیەکی زانستی هەیە، هاوکات زمانی ئاسایی لەسەر بنەمای مێتۆدەی پێکهێنان (تەرکیبی) و زمانی لۆژیکی لەسەر بنەمای مێتۆدەی شیکاریی (تەحلیلی) بیناکراون، عەقڵ و زانینیش زیاتر و خێراتر لە شیکاریی و بابەتە سادەکان تێدەگەن نەک ئاڵۆزەکان (ڕاسڵ، 2005، 311-314). ئەم هەوڵەی ڕاسڵ وەرچەرخانە لە زمانی ئاساییەوە بەرەو زمانی لۆژیکی، کە لەسەر واتای لۆژیکی وەستاوە، تەنانەت ناوە ناسراوەکانیش لە زمانی ئاساییدا جیاوازن وەک لە زمانی نمونەیی و لۆژیکیدا (حمود، 2011، 236).

ڕاسڵ لە گوتاری (فەلسەفەی ئەتۆمیزمی لۆژیکی)دا هەوڵی شیکردنەوەی جیهان دەدات بۆ فاکت و ڕوداوەکان، ڕوداوەکان وەک فاکت دادەنێت و فاکتەکانیش بە پێکهێنەری جیهان بە جۆرێک لەوێدا بەڕونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە "جیهان لە فاکتەکان پێکهاتوە" (Russell, 2010, 111) فاکتەکانیش دەبنە پێوەری لۆژیکی بۆ شتەکان و ڕوداوەکانیان لە جیهان و کەتواردا. بۆ نمونە (خۆر، سۆکرات) فاکتن و لە جیهانی کردەیی و ڕودانگەیی

کەتواردا هەن و دەشێت ئاماژەیان بۆ بکرێت و پەیوەندییەکان و وەسفەکانیان دیاریبکرێت (هەمان، 252). لێرەدا، کاریگەری ڤیتگنشتاین و تراکتاتوس لە سەر ڕاسڵ بە ئاشکرا دیارە، کاتێک لە شرۆڤەی جیهاندا دەگات بە فاکتە ئەتۆمییەکان، فاکتەکانیش تەنها لە ڕێگەی ڕاسەڵە* (بڕیار/گوزارە/ Proposition) ئەتۆمییەکانەوە گوزارشتیان لێوەدەکرێت. پێکهاتەی زمان و پێکهاتەی جیهان لەیەکتردەچن لای ڕاسڵ، هەردوکیان دەبێ شیبکرێنەوە بۆ ڕەگەزە سادەکانیان، تا دەگاتە ئەو یەکە سادە عەقڵییانەی، کە ناونراون ئەتۆم و ژێریی لییان تێدەگات و دەیانناسێت (کامل، 1993، 30).

شرۆڤەی لۆژیکی بۆ زمان و جیهان، لەلای بێرتراند ڕاسڵ هەوڵێکە بۆ تێپەڕاندن و چارەسەری کێشەی مێتافیزیکی کلاسیک، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ئۆنتۆلۆجییانەی کەتوار بخرێتەڕو، ئەویش بەڕێگەی واتا و کارکردی پراگماتیانەی وشەکان لە ڕستە و دەربڕیندا، چونکە هەر وشەیەک لە ڕستەدا هێما و ئاماژەیە بۆ شتێکی جیاواز لە خۆی (حمود، 2011، 124). ئەم تێز و تێگەیشتنەی ڕاسڵ دەشێت ناوبنرێت بە (فیزیای زمان)، چونکە ڕاسڵ هاوشێوەی زانایەکی فیزیایی دەیەوێت لە ڕێگەی لۆژیک و زمانەوە لێکدانەوە و شیکاری بۆ جیهان بکات و پەیوەندی نێوان ژێریی و ئەتۆمەکان لە پرۆسێسی زانیندا دروست بکاتەوە و ناوی بنێت (ئەتۆمیزمی لۆژیکی).

ڕاسڵ دەڵێت: "پەیوەندییەک، کە لە نێوان بونیادی ڕستەکان و بونیادی ئەو ڕوداوانەدا هەیە، کە لە ڕێگەی ڕستەکانەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت، دەشێت ئاشکرا بکرێت. پێموانییە بونیادی ڕاستیە نا–وشەییەکان شیاوی زانین نەبێت بە تەواوی، بەڵکو بە وریایی پێویستەوە پێموایە، کە تایبەتمەندییەکانی زمان یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتنی بونیادی جیهان" (ڕاسڵ، 2005، 323). لێرەدا بە ئاشکرا ئاماژە بۆ هێز و کارکردی زمان هەیە لە بونیادی جیهان و زانینی جیهان، چونکە تایبەتمەندییەکانی زمان بریتییە لە هەمو هێزە جیاوازەکانی زمان، بۆ نمونە ئایدیالیستەکان لە ئاگایی و کۆنسێپتە زمانییەکانەوە ڕاستی بە جیهان و شتەکان دەدەن و تایبەتمەندییەکانی جیهان دەردەخەن، یاخود لۆژیکزان و ڕەمزگەراکان، کە زانین لە چێوە و سنوری وشەکاندا کورتدەکەنەوە، تەنانەت ئەوانەشی، کە پێیانوایە زانین ناتوانرێ لە ڕێگەی زمان و وشەکانەوە دەرببڕدرێت ئەوا هەر بە ڕێگەی زمانەوە ئەم تێز و هەواڵەمان پێدەدەن. ڕاسڵ لە گوتاری (زمان وەک گوزارشت) بەشێوەی پراگماتییانە، ئاماژە بۆ سێ مەبەستی زمان دەکات: یەکەم، زمان ئاماژەیە بۆ ڕاستی و ڕوداوەکان، دوەم، زمان گوزارشتە لە دۆخی قسەکەر و مەبەستی سێیەم، گۆڕینی دۆخی گوێگرە. لەو بابەتەدا زۆر بە وردی باس لە پەیوەندی نێوان مەبەست و ئەرک و ئامانجەکانی زمان دەکات و لەو نێوەشدا پەیوەندی زمان بە ڕوداوەکان دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی ورد (المصدر نفسه، 197).

(جیهانی ناوەوە)ی مرۆڤ لەسەر بنەمای لۆژیک و لە ڕێگەی زمان و ناوی ناسراوەوە بنیاتدەنرێت، کە وێنەی جیهان بە ڕاسەڵە دەردەبڕێت. لە بەرامبەردا (جیهانی دەرەکی) لەسەر بنەمای فاکت و ڕوداو و پەیوەندی و ڕودانی شتە هەبوەکان بینادەکرێتەوە نەک شتەکان. بۆ نمونە (چۆلەکە) بابەت و شت و بونەوەرێکی نێو (جیهانی دەرەکی)یە، بەڵام کاتێک دەڵێین (چۆلەکەکە دەفڕێت، چۆلەکەکە دەجریوێنێت)، ئەوا نەک تەنها هەواڵێک، بەڵکو بڕیار و گوزارەیەکمان لەبارەی چۆلەکەکەوە دەربڕیوە و چۆلەکەکەش لە دۆخی ڕودانی ڕوداوێکدا، کە فڕین یان جریواندنە، بوە بە فاکت و لە نێوان چۆلەکە و فڕین و جریواندنیشدا پەیوەندییەک دروستبوە. لە کاتێکدا گەر

دەربڕین و ڕاسەڵەکەمان بەسەر ڕستە هەواڵدەرییەکەدا ڕاست بو، واتە لە ناو جیهانی فاکت و ڕوداوەکاندا بونی هەبو، ئەوا ڕاسەڵەیەکی دروستمان دەربڕیوە و بەهای لۆژیکی ڕاستی هەیە، بە پێچەوانەشەوە ڕاسەڵەیەکی هەڵەیە بەهای لۆژیکی نادروستی هەیە، تەنانەت ئەگەر چۆلەکەش هەبێت و فڕین و جریواندنیش هەبن، بەڵام پەیوەندی لە نێوانیاندا دروست نەبو، ئەوا هەر هەڵە و نادروستە.

## 1.1: فاکتەکان

ڕاسڵ لە تیۆری 'ئەتۆمیزمی لۆژیکی'دا، فاکت (Fact) وەک یەکەی سەرەتایی دادەنێت، هەروەها جیهان وەک بونی فاکتییانە پێناسە دەکات و پێیوایە لە فاکتەکان پێکهاتوە (ڕاسل، 1400، 11)، فاکتیش بەوە دادەنێت، کە دروستی و نادروستی ڕاسەڵەکان دیاریدەکات. بۆ ڕاسڵ، یەکەم پێوەری هزرینی لۆژیکی بریتییە لە فاکت. هەروەها فاکت وەک یەکەیەکی بنەڕەتی بۆ زمانی نمونەیی لۆژیکیی دادەنێت و زانینمان بەبێ زانینی فاکت بە ناتەواو دەزانێت، چونکە لە زمانی نمونەییدا فاکت دەبێتە پێوەری ڕاستی و دروستی ڕاسەڵە و ڕاسەڵەکانیش دەبنە دەربڕینەکانی زانینمان.

لە شرۆڤەی جیهانەوە دەگەین بە فاکت، "فاکت، شتێکی دیاریکراوە و خاوەن چۆنێتیی دیاریکراوە، یان ئەو شتە دیاریکراوانەن، کە پەیوەندی دیاریکراویان هەیە" (Russell: 1912, 60). بەمەش فاکت سادە نییە، بەڵکو ئاوێتەیە بە تایبەتمەندییەکانی و ناشێت دابەشبکرێت، بەڵکو بە ئاڵۆزی دەمێنێتەوە تەنها لە توانادایە شیبکرێتەوە، لەبەرئەوە ڕاسڵ دەیگوت: "فاکت شتێکی ئاڵۆزە" (Russell: On Propositions).

هاوکات، فاکت بونیاد و وێنە/فۆرمی هەیە. بۆ نمونەی بونیاد/Structure: 'سۆکرات گریکی بو' و 'سۆکرات هاوسەری ئیکسیێنتیب بو' لەگەڵ 'سۆکرات بە خواردنەوەی ژەهر مرد'. لێرەدا هەبویەکی هاوبەش و تایبەت، کە بریتییە لە فاکتی سۆکرات لە نێوان هەر سێ دەربڕینەکەدا هەیە، و تایبەتمەندییەکانی دیکە، کە دراونەتە پاڵ سۆکرات و بونەتە ڕاڤە و وەسفی سۆکرات دەبنە تایبەتمەندییە پێکهێنەرەکانی فاکتی سۆکرات. هەروەها هەر فاکتێک وێنەی هەیە، کە بونیادەکەی دەیسەپێنێت، چونکە هەر شتێ بونیادی هەبێت ئەوا بە پێویست دەبێ وێنە و فۆرمی هەبێت، بۆ نمونەی فۆرم/Form: 'سۆکرات پلاتۆی خۆشدەوێت' دەشێ فاکتی هاوشێوەی لێوە وێنە بکێشرێت، وەک: 'ناپلیۆن ڕقی لە وێلینگتۆن بو'، ئێستا بە شوێنگۆڕکێی پێکهێنەرەکان دەتوانین وێنەی نوێ بخرێتەوە، ناپلیۆن لە جێگەی سۆکرات، وێلینگتۆن لە جێگەی پلاتۆ و ڕقیش لە جێگەی خۆشەویستی دادەنێین. لەمەوە وێنەی دوەم لە وێنەی یەکەمەوە دەدەرەنجامێنین. یاخود لە وێنەی یەکەمەوە دەتوانین وێنەی جیاوازتر بخرێنەوە، وەک 'پلاتۆ سۆکراتی خۆشدەوێت'. بەمجۆرە جیهان بێکۆتا وێنەی فاکتەکان لەخۆدەگرێت( Ibid: p. 286).

فاکت، لە سیستەمە ئەتۆمییەکەی ڕاسڵدا، وەک یەکەیەکی جەوهەری ڕۆڵدەبینێت، بۆیە ناسین و زانینی فاکت و تایبەتمەندی و ئادگارەکانی لای ڕاسڵ دەبێتە پێویستییەکی داواکراو بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفە لۆژیکی و ئەتۆمییەکەی.

لێرەوە، ڕاسڵ سێ تایبەتمەندی دەداتە پاڵ فۆرمی فاکت: وێنەی پۆزەتیڤ/خۆشەویستی و وێنەی نێگەتیڤ/ڕق و نێگەتیڤی نەرێنی/خۆشی ناوێ. بەڵام لە گشتیدا فاکت کۆمەڵێک تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی هەیە، کە جیهان

پێکدێنن، ئەوانیش نۆ تایبەتمەندین، کە لە گوتاری 'ئەتۆمیزمی لۆژیکی'دا باسکراون، بەمشێوەیەی خوارەوە (علی، 1985، 113):

-فاکتەکان دەکەونە جیهانی بابەتییەوە، دروستکراوی کاتیگۆرییەکان نین و سەربەخۆن لە ئاوەزی ئێمە و بەرهەمی ئاوەزیمان نین.

-فاکتەکان جیاوازن لە ڕاسەڵە، ناکرێ بە ڕێگەی ڕاسەڵەوە ناوبنرێن، بەڵکو تەنها بە هۆی ڕاسەڵەوە ئەرێ یان نەرێ دەکرێن.

-فاکت لە ڕێگەی ڕستەوە گوزارشتی لێدەکرێت، نەک بە یەک وشە، وەک 'سۆکرات'.

-فاکت، بونیاد و پێکهێنەری هەیە، واتا فاکت سادە نییە، بەڵکو ئاوێتەیی و ئاڵۆزە.

-دوالیزم لە نێوان فاکتە دروست و درۆکاندا نییە، دەشێ دوالیزم لە ڕاسەڵەکاندا هەبێت کاتێ دروست یا نادروست دەبن، بەڵام فاکتەکان ناکەونە ژێر پێوەری دروستی و نادروستی و تەنها هەر وەک فاکت دەمێننەوە، فاکتێک یان هەیە یان نییە.

-فاکت شتێکە لە جیهانی دەرەوەدا، کە وا دەکات ڕاسەڵە یا دروست یا نادروست بێت، ئەگەر فاکتەکە لە جیهانی دەرەکی ڕیالیزە/بەرجەستە/تحقیق بو ئەوا ڕاسەڵەکە دروست دەبێت، ئەگەر بەرجەستە نەبو، ئەوا ڕاسەڵەکە نادروست دەبێت.

-فاکت دەشێ لە ڕێگەی هێما/نیشانەوە پێناسە بکرێت، چونکە لە جیهانی دەرەکیدا هەیە و جیهانیش گوزارشتە لە فاکتەکان.

-فاکت بە گشتی بۆ پەیوەندی جوتەنی بەشدەکرێت، بۆ نمونە دو فاکتی ا، ب دەشێ بکەونە پەیوەندی، کە ا پەیوەندی لەگەڵ ب هەیە یان ا پەیوەندی لەگەڵ ب نییە، لەمەوە سێ بنەما چێدەبن، دوانیان هی فاکتەکانن و سێهەمیان لە پەیوەندی نێوانیانەوە دروستدەبێت.

-لە دەرەنجامی خاڵی پێشتر، فاکتەکان لە دو دۆخ و چۆنێتی دژیەکیدا دەردەکەون، ئەوانیش پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ (المصدر نفسه، 114–115).

## 2.1: جۆری فاکتەکان

ڕاسڵ لۆژیکی وەک دەسوێژی ڕونکردنەوەی کێشە فەلسەفی و ماتماتیکییەکان بەکارهێنا. وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی شرۆڤەیی، بڕوای وابو، کە کاری فەیلەسوفان بریتییە لە دۆزینەوەی زمانێکی نمونەیی لۆژیکی تا سروشتی جیهان بەجوانی دەرببڕێت و وێنابکات، کە زمانی سروشتی لێڵی کردوە و تەنها ڕوکەشانە دەریدەبڕێت. وەک فاکتە ئەتۆمییەکان، کە لە ژمارەیەکی زۆری تاکەکان پێکهاتون، یان فاکتە ناوەکییەکان، کە زمانی سروشتی/ئاسایی/ڕۆژانە ناتوانێت ڕونیان بکاتەوە. یاخود 'هەمو'ی شتێک یان 'سەرجەم'ی شتێک، کە چۆن شیاوی تێگەیشتن دەبێت. هەروەها کێشەی نێگەتیڤی، کە چۆن لە زمانی نمونەییدا دەگیرێت.

"ژمارەیەکی بێکۆتای فۆرمی فاکت هەیە"، ڕاسڵ فاکتەکان بەشدەکات بۆ: فاکتی ئەتۆمی/Atomic Fact، کە بناغەرێژیی سیستەمە فەلسەفی و لۆژیکیی و ماتماتیکییەکەی پێدەکات، لەمەوە ڕاسەڵەی ئەتۆمییان لێوە

دروستدەكات. هەروەها جۆرەكانی وەک: فاكتی بەشەكی/Molecular، كە سادەترین توخمە و فاكتی گشتی/General و فاكتی تایبەتی/هەندەكی/Particular و پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دەكات (المصدر نفسه، 117).

1.2.1 فاكتی ئەتۆمی: فاكتە ئەتۆمییەكان سادەترین جۆری فاكتەكانن، بە تەنها یەک تایبەتمەندی دەردەبڕن، هەرچەندە لە دو بەش پێكهاتوە (یەک ناوی ناسراو و یەک تایبەتمەندی) بەڵام بەراورد بە فاكتەكانی تر سادەیە چونكە بە گشتی فاكت ئاڵۆزە، كاتێک دەڵێین 'ئەمە سپییە' واتە یەک شت و یەک پەیوەندیمان دیاریكردوە (راسل، 1400، 14–15). هەروەها ئەرێنی و نەرێنی بریارە ئەتۆمییەكان دیاریدەكەن. بون و نەبونی فاكتە ئەتۆمییەكان لە جیهانی دەرەكیدا، دروستی و نادروستی ڕاسەڵە ئەتۆمییەكان دیاریدەكەن. هاوكات فاكتی ئەتۆمی، سادەترین فاكتە و چۆنێتی شتەكان دەردەخات، بۆ نمونە: گوڵەكە سورە، سیفەت و فاكتی 'سور–بون' سورێتی گوڵەكە نیشاندەدات، یان، كە بڵێین 'گوڵەكە سور نییە'.

یەكێک لە كێشەكانی فەلسەفەی زمانی هاوچەرخ بریتییە لە ناوی ناسراو/Proper Name، كە بۆ ڕاسڵ، لە ڕاسەڵەی ئەتۆمیدا، ئاماژەیە هەبوە هەندەكییەكانی جیهانی دەرەكی دەكات و هەڵگیراویش دەبێتە تایبەتمەندی ناوی ناسراو، هاوكات كار/فرمانیش ئاماژە بۆ پەیوەندییەكان دەكەن. لەمەوە فاكتی ئەتۆمی گوزارشت لە ناوە ناسراوە خاوەن تایبەتمەندییەكان و پەیوەندییەكان دەكات و بەمەش واتای فاكت دەكاتە ئاڵۆز و پێكهاتەیی.

ئەگەر فاكتە ئاڵۆزەكان سادە بكرێنەوە، ئەوا دەگەین بە كۆتایی شرۆڤەكردن و فاكتە سادەكان، كە لە زمانی لۆژیكیدا ڕۆڵدەگێڕێت لە دارشتنی ڕاسەڵە سادەكان، ئەمە لە كاتێكدا فاكتی ئەتۆمی سادەتر نابێتەوە و فاكتی دیكەی ئەتۆمی لێوە چێنابێت، چونكە هەندێ فاكت بە پێویست ئەتۆمین. هەروەها فاكتەكان دەبنە بنەمای لۆژیک نەک لۆژیكی پوخت بن.

لە كۆتاییدا، فاكتی ئەتۆمی هاوكات پێشینەیی و ئەزمونییە، پێشینەییە، كە بۆتە بنەمای ڕاسەڵە ئەتۆمییەكان، هەروەها ئەزمونییە كاتێک لە جیهانی دەرەكیدا بەرجەستە دەبێت، بەمەش ڕیالیزەبونی فاكتەكان لە جیهانی دەرەكیدا بۆ شرۆڤەییەكان و پۆزەتیڤستە لۆژیكییەكان وەک بنەما وەرگیرا.

2.2.1 فاكتی گشتی: نمونەی ئەم فاكتە لە 'هەمو مرۆڤەكان فانین، لێرەدا هەمو 'مرۆڤەكان' بەبێ دیاریكردنی وەک فاكتی گشتی، شیاوی تێگەیشتن نابێت، چونكە ڕاڤەی جیهانی دەرەكی بەبێ تێگەیشتن و دیاریكردنی فاكتە گشتییەكان نابێت. هەروەها جیهانی دەرەكی زۆر جار لە فۆرم و پێكهاتەی ئاڵۆز و ئاوێتەدا دەردەكەوێت، بۆ نمونە مرۆڤ، مرۆڤەكان و مرۆڤایەتی، كە لەم ڕوانگەیەوە ڕاسڵ وەک فەیلەسوفێک دەردەكەوێت، كە پەیوەندی نێوان زمان و جیهان لە ڕێگەی مێتۆدەی ئیستیقراوە هەڵچنێت (همان مصدر، 14).

3.2.1 فاكتی هەندەكی/ناوەكی: ئەم فاكتە، لە بنەمادا لە جیهانی دەرەكیدا بونیان نییە، بەڵكو دەكەونە نێو فاكتە گشتییەكان. بۆیە لە ڕێگەی فاكتە گشتییەكانەوە دەسەلمێنرێن، بۆ نمونە p v q (ق V ل) هەردو ڕاسەڵەكە بە نەگۆڕی 'یان' پێكبەستكراون، لە كاتێكدا هەریەكەیان شیاوی بەرجەستەبونە لە جیهانی دەرەكیدا، بەڵام لە مەرجی 'یان' یەكێكیان لە كۆتاییدا بەرجەستە دەبێت، ئەم پێكبەستە لۆژیكییانە (یان، و، ئەگەر...) تەنها

وەک فاکتی ناوەکی دەتوانرێن دەرببڕدرێن، ئەمەش لە توانستی زمانی نمونەیی و لۆژیکیدایە نەک ئاسایی. ئەمەش وەک شرۆڤەی ڕاسەڵەکانی لیدێت تا بگەین بە بابەتی ڕاسەڵەکە.

4.2.1 فاکتی تایبەتی/ Particular Fact: لە ڕاڤەی تایبەتمەندییە تاکەکانی شتێکدا دەگەین بە فاکتە هەندەکییەکان/ تایبەتەکان، بۆ نمونە 'ئەمە سورە' (هەمان مصدر، 15). ئەم جۆرەی فاکت لە کێشە زانینەکییەکاندا کۆمەکی زۆرمان دەکەن، بە تایبەت لە کێشەی دەرککردن، بۆیە زانینمان لەبارەی فاکتە تایبەتەکان لەسەر دەرککردنمان وەستاوە. ئەمەش دەبێتە دەسوێژێک بۆ فەیلەسوفانی ئەزمونگەریی، تا فاکتە تایبەتەکان وەک بنەمایەکی ئەزمون دابنێن و لە ئەزمونیشەوە بە فاکتی تایبەت بگەن.

5.2.1 فاکتی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ: فاکتەکان لە چۆنێتیدا دەردەکەون، 'گوڵەکە سورە' و 'گوڵەکە سور نییە'، دو دۆخی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ نیشان دەدەن، بەڵام چۆنێتی هاودژیان هەیە (هەمان مصدر، 15). هەروەها نابێ شیمانەی ئەوە بکەین، کە فاکتی نەرێنی تەنها ئامرازی نەرێنی لە خۆدا هەڵگرتوە، بەڵکو هەمان تایبەتمەندێتی ئەرێنی وەردەگرێت نەک زیاتر، بۆ نمونە کاتێک دەڵێین 'سۆکرات زیندوە' ئەم دەربڕینە هیچ ئامرازێکی نەرێنی/نەفی تێدا نییە، بەڵام نەرێنی و نادروستە چونکە لە ڕاستیدا 'سۆکرات مردوە'، کە دەشێ لە فۆرمی نێگەتیڤدا بڵێین 'سۆکرات زیندو نییە' (حمود، 2011، 262).

## تەوەری دوەم: تیۆری وەسفەکان

کێشەی زانین و تێگەیشتن هەندێجار لە زمان و دەربڕین و گوتنی ڕستەکانەوە دروست دەبێت. ئەوەی لە زانستی زمانەوانیدا وەک (ڕستەسازیی/سینتاکس) کاری تێدا دەکرێت، لەلای ڕاسڵ و فەیلەسوفانی شرۆڤەی زمان بریتییە لە پێکهاتنی بونیادی لۆژیکی ڕستە و پەیوەندی نێوان وشەکان، ناوەکان و ئامرازەکان، کە دەشێت لەو پێکهاتنە زمانییەدا هەڵە هەبێت. بە گشتی فەیلەسوفانی شرۆڤەی زمان پێیانوابو کاتێک چارەسەری هەڵە و کێشە لۆژیکییەکانی زمان و ڕستە و ڕاسەڵەکان دەکەین، ئەوا ڕاستەوخۆ چارەسەری کێشە فەلسەفییەکان دەکەین (وایت، 2010، 217)، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئاڕاستە و فێرگەی (کامبریجی چارەسەری) دروستبو، کە سەرچاوەی کێشەکان و چارەسەریشیان بە زمانەوە گرێدەدات، ئەمەش زیاتر لەلای (ڤیتگنشتاین) شەقڵی وەرگرت. ڕاسڵ لە تیۆرەکەیدا (تیۆری وەسفەکان/ Descriptions Theory) هەوڵدەدات ڕاستی و هەڵە و چارەسەری کێشە لۆژیکییەکانی زمان و واتا ڕونبکاتەوە و چارەسەریان بکات و فۆرمی لۆژیکی بۆ دەربڕینەکان دابتاشێت، کە دەکەوێتە ئەودیو فۆرمی گرامەرییەوە.

### 2.1: ناوی ناسراو

ڕاسڵ لە تیۆرەکەیدا، ڕودەکاتە کێشەی ناوی ناسراو و ناوی گشتی. لە وەسف و ڕاڤەی ناوەکانەوە هەوڵدەدات تا دوا سنوری شرۆڤەکردنیان بڕوات. ناوی ناسراو ئاماژە بۆ بونی کردەیی شتەکان دەکات لە کەتوار و جیهانی دەرەوەدا، بۆ نمونە 'سۆکرات' ناوێکە و ئاماژە بۆ کەسێک دەکات. هەروەها ئەو ناوانەی تەنها وەک ناوێکی بێ ناوەرۆک دەمێننەوە و ناتوانن لە جیهانی دەرەوە و جگە لە خۆیان ئاماژە بۆ هیچ شت و بابەتێک بکەن (حمود، 2011، 160)، نمونە (سیمرخ، دێو، کێوی زێڕین و پاشای ئێستای کوردستان).

ناو، پێویستی بە گرێی ناوی یان ئاوەڵناوی دەبێت بۆ ڕاڤەکردنی. بەڵام گرێ بە تەنیا واتا نادات، بەڵکو دەبێ لە ڕستە و ڕاسەڵەکاندا شیاوی تێگەیشتن بێت، "ئازاد زیرەکە" و "مرۆڤێک زیرەکە"، 'زیرەکە' هەمیشە وەک ڕاڤەی ناوێک دەمێنێتەوە، بەبێ ناوەکە و بەکارهێنانی لە ڕستە و ڕاسەڵەدا واتای تەواو نادات. بۆ نمونە (ئەرستۆ) ناوی ناسراوە، بەڵام بە تەنیا و بەبێ ڕاڤە ناتوانێت بکەوێتە پەیوەندی و فاکتێک دروست بکات، کە پەیوەندی هاوشوناسی لە نێوان ناوە ناسراوەکە و ڕاڤەکەیدا دروست ببێت، هەرچەندە سەربەخۆ لە ڕاڤەکەی هەیە و لەئارادایە و ئاماژە بۆ هەبویەک دەکات، وەک بڵێین (فێرخوازی ئەفلاتون بو، نوسەری کتێبی ئاکاری نیکۆماخۆسی و مامۆستای ئەسکەندەری مەزنیش بو) (Russell, Descriptions) هەمو ئەم ڕاڤەیە هی ئەرستۆیە و ئەرستۆی لە سێ فاکت و چۆنێتی و شێوازی بوندا وەسف کردوە. کەواتە وەسفەکان شتێک دیاریدەکەن و فۆرم و بونیادی پێدەبەخشن، بۆ نمونە (سەرۆکی ئێستای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا) کەسێک یان شتێکی دیاریکردوە و لە وەسف و فاکتی سەرۆکدا بەرجەستەی کردوە، بەڵام ناوەکەی نەهێناوە، واتە وەسفی ناوێک بەبێ ئەوەی ناوەکە گوترابێت و نوسرابێت، بەڵام ڕونە ئەم وەسف و دەستەواژەیە تەنها گوزارشت لە یەک کەس دەکات، کە هەیە و لە ئێستاشدا سەرۆکی ئەمریکایە (وایت، 2010، 218).

لەبەرئەوەی تیۆری ڕاڤەیی لای ڕاسڵ، ناوی ناسراو و ڕاڤەکەی وەک بنەما وەردەگرێت، ئەوا بۆ زانین و ڕونکردنەوەی ناوی ناسراو لەگەڵ ڕاڤەکەی، پێویستە هەندێک تایبەتمەندی هەریەکەیان شرۆڤە بکەین:

- ناوی ناسراو هێمایەکی سادەیە و واتای شتێک دەگەیەنێ، ئاماژە بۆ شتێک دەکات، بەشێوەیەکی هەندەکی و سنورداری تایبەت، هیچ هێمایەکی دیکە لەخۆناگرێت جگە لە پیتەکان، لە کاتێکدا پیت نابێتە هێما بۆ شت. کاتێکیش ڕاسەڵەکان بە هۆی ناوی ناسراوەوە وەسف و گوزارشتی فاکتەکان دەکەن هێما و ئاماژە بە ڕوداو و پەیوەندی نێوان شتەکان دەکەن (حمود، 2011، 195). 'خانی' ناوی ناسراوە، بەڵام 'مەم و زین' وەک گرێی ناوی نابێتە ناوی ناسراو، چونکە: لێکدراوە نەک سادە، هێمای بێسنوری لەخۆگرتوە، بۆیە تەنها وەک ڕاڤەی ناوە ناسراوەکە وەردەگیرێت، کە بریتییە لە فاکتی 'خانی'.
- ناو واتای سەربەخۆی هەیە، بەڵام ڕاڤە واتای سەربەخۆی نییە، چونکە هەمیشە ڕودەکاتە شتێک یا ناوێک تا ڕاڤەی بکات. هەروەها ڕاڤە بەبێ ئەوەی لە ڕستەدا دەرکەوێت واتای نابێت. چونکە ناو وەک فاکت دەردەکەوێت و ڕاڤەکە وەک تایبەتمەندی و ڕاڤە و شرۆڤەی فاکتەکە دەردەکەوێت و بە نەمانی ناوەکە ئەویش بێواتا دەبێت.
- لە نێوان ناوی ناسراو و ڕاڤەکەیدا جیاوازی هەیە، کە دروستی ڕاسەڵەکە دەریدەخات: خانی نوسەری مەم و زینە، ئەرستۆ شاگردی سۆکرات بو. لێرەدا هەردو ناوی ناسراوی خانی و ئەرستۆ واتا بەخشن، بەڵام هەردو ڕاڤەکە واتا بەخش نین، چونکە ئەرستۆ شاگردی سۆکرات نەبو. واتا کاتێک ڕاڤەکە واتادار دەبێت، کە ڕاسەڵەکە دروست بێت.
- ناو، کە هەمیشە ڕودەکاتە شتێک یا بابەتێک و ئاماژەی بۆ دەکات، بۆ کەسێکە/شتێکە، کە بونی فیزیکی هەبێت، نەک تەنها وەک بابەت دروستکرابێت یان دانرابێت. بۆ نمونە: خانی، کەسێکە بونی هەبوە

و نوسەر و هۆزانڤان بوە، بەڵام سێگۆشەی بازنەیی تەنها بابەتێکی دانراوە، بێئەوەی بونی ڕیاڵی و فیزیکی هەبێت.

- ناو هەمیشە ڕودەکاتە پێناسەکردن و پێناسەکراویی، ... بریتییە لە، ... ـە، ... دەبێت بە...، بە واتای...، بەڵام ڕاڤە هەمیشە وەک تەواوکەر و پێناسەکەر دەمێنێتەوە، تا پێناسە و ڕاڤەی ناو بکات. هەروەها ناو دەبێتە شوناس و هەڵگری مۆرک بۆ کەسەکە. بۆ ناسینی کەسێک ناوی ناسراو وەک شوناس پێویستە (علی، 1985، 128).

## 2.2: وەسفی ناوەکان

ناوەکان وەک ئاماژە و هێما دەردەکەون، کاتێک ئاماژە بۆ شتێک و بابەتێک دەکەن، کاتێک دەکەونە ناو ڕستە و بەکارهێنانە پراگماتییەکان، ئەوا بەهای گوزارشتی و واتایی وەردەگرن لەڕوی ماناوە، کە بەگشتی دەکرێن بە سێ پۆلێنی وەسفی و تایبەمەندی، واتا بەهای ئاماژەیی ناوەکان لە بەرامبەر شتەکان و ئاماژە بۆ کراوەکاندا (حمود، 2011، 175–176):

1.2.2: ئەو دەربڕین و دەستەواژە وەسفییانەی، کە ئاماژە بۆ هیچ هەبویەکی کردەیی ناکەن لە کەتواردا. بەنمونە (سێگۆشەی بازنەیی، پاشای ئێستای کوردستان)، کە فاکت نین و واتا و بەهای دروستیان نییە.

2.2.2: ئەو ڕستە و دەربڕینانەی بە لێڵی و ناڕونی و نادیاریکراوی ئاماژە بۆ هەبوەکان دەکەن، بە نمونە (کەسێک، تەنێک، ڕەنگێک)، کە تایبەتمەندی و ڕاڤە و وەسفی ڕونیان نییە.

3.2.2: ئەو ڕستە و دەربڕینانەی، کە ئاماژەی ڕون و دیاریکراو بۆ شت و هەبویەکی ڕاستەقینەی ناو جیهانی کەتوار دەکەن. بە نمونە (شاژنی ئێستای بەریتانیا)، کە وەسف و تایبەتمەندی سنوردار و دیاریکراوی هەیە.

کەواتە بە گشتی دو فۆرمی ڕاڤە و وەسف بۆ دەربڕینەکانمان هەن:

ا/ فۆرمی ڕاڤەیی بێسنور: ڕاڤەی هەر ناوێک بریتییە لە فاکت. ئەگەر فاکتەکە بریتیبێت لە ڕاڤەی ناوێکی نەناسراو، ئەوا فۆرمی بێسنوری دەبێت، بۆ نمونە "مرۆڤێکم بینی"، ناوی نەناسراوی 'مرۆڤێک' بە ڕاڤەیەکی دیاریکراو سنوردارناکرێت. بۆیە پێویستە تەنها بە ڕێگەی بەهاکانەوە ڕاڤەی بکەین، بەهاکانیش لە پۆلێنی بونەوەرەوە دەبرێنەوە. کاتێک دەبێژین 'ڕێوی دەریایی' یان 'کەڵەشاخ' (لە ئەفسانەی ئینگلیزیدا بریتییە لە ئەسپێکی سپی خاوەن یەک شاخی زێڕین لە تەختی تەوێڵیدا و لێیەوە ڕەنگەکانی وەک کۆلکەزێڕینە دەردەچێت و توانستی جادویی هەیە) ئەوا بەهای زیندەوەری ئاژەڵ وەردەگرن. هاوکات 'مرۆڤێک' لە ڕێگەی بەها مرۆییەکانەوە ڕاڤە دەکرێت، کە سنوردار نییە (رشوان و جمیل، 2012، 139). کەواتە، ناوەکان لە فۆرمی نەناسراویدا، هەرگیز ناتوانرێن بە تەواوی ڕاڤە بکرێن، چونکە هەمیشە لە پەیوەستیدا دەمێننەوە، واتا ڕاڤەی فاکتێک هەمیشە پابەندە بە ڕاڤەی فاکتێکی دیکەوە، هەربۆیە بە ڕێگەی شرۆڤەوە سنوردار ناکرێن. چونکە، بۆ گەیشتن بە ڕاڤەی ناوێک لە فاکتدا هەمیشە پێویست بە فاکتێکی دیکە دەکات.

ب/ فۆرمی ڕاڤەیی سنوردار: فۆرمی سەرەکی و بنەڕەتییە لە فەلسەفە زمانییەکەی ڕاسڵدا، کە دەوەستێتە سەر ناسراویی، ئەویش بە هۆی ئامرازی ناساندن و پەیوەندی شوناسی لە نێوان ناوی ناسراو و وەسف و دەرخەری تایبەتمەندی ناوە ناسراوەکە (حمود، 2011، 187) کاتێک دەڵێین (ئەمە و ئەوە). لەم فۆرمەدا، ڕاڤە

ڕودەکاتە ناوی ناسراو. شرۆڤەی ڕاسەڵەکان بە دەربڕینە ڕاڤەییەکان کۆتایی دێت. بە جۆرێک، لەم فۆرمەدا ناوی ناسراو ڕاڤە دەکرێت، هەروەها لەبەرئەوەی ناسراوە، ئەوا دەتوانین بگەین بە ڕاڤەیەکی سنوردار، کە لە فاکتێکی تەواو دیاریکراو و زانراودا درکی بکەین. هاوکات دەتوانین لە ناوی ناسراوەوە فاکتی ئەتۆمی و ڕاسەڵەی ئەتۆمی ببەینەوە، کە لە ڕاڤەکردنیاندا سنورداری هەیە، وەک ئەوەی، کە گەیشتبێتین بە دوا فاکت و تایبەتمەندی ناوە ناسراوەکە. ڕاسڵ نمونەی 'دانیشتوانی لەندەن' و 'شاژنی ئێستای بەریتانیا' (المصدر نفسە، 190) وەک ڕاڤە سنوردار دادەنێت، یان کاتێک دەڵێین 'ئەو کەسەی چراکەی داگیرساند'. هەروەها ئێمە لە نمونەی 'خانی هۆزانڤان'دا بابەتەکە ڕونتر دەکەینەوە، کاتێک دەبێژین "خانی نوسەری مەم و زینە" ئەوا ڕاڤەکە 'نوسەری مەم و زین' ڕودەکاتە ناوی ناسراوی 'خانی'، واتا ئێمە 'خانی' لە فاکتێکی تایبەتدا دەگرین و دەناسین، ئەویش 'نوسەری مەم و زین'ە.

## تەوەری سێیەم: تیۆری ڕاسەڵە

ڕاسڵ، لە فەلسەفە شرۆڤەیی و لۆژیکییەکەیدا گەشە بە (تیۆری ڕاسەڵە Theory of Proposition) دەدات، بەڵام جیاوازتر لە فەیلەسوفانی پێش خۆی. ڕاسڵ هاوشێوەی (گۆتلۆب فریگە 1848–1925)، لە دەروازەی ماتماتیکەوە ڕودەکاتە بنیاتنانی لۆژیکی نوێ، ئەو پێیوابو، کە ماتماتیک وێنەیەکی جەختی کێشە ئێپیستیمۆلۆژییەکانە، کە دەشێ لەسەر بنەما و زەمینەی لۆژیک چارەبکرێن. هەروەها ئەو نەک بە تەنها بەسەر لۆژیکی فۆرماڵدا بەڵکو بەسەر لۆژیکی ئایدیالی/پەتیشدا شۆڕشی کرد. ئەو پێیوابو لە هەردو فەلسەفە و لۆژیکی ئایدیالیدا، بەتایبەت بەڕابەرایەتی برادلی، دو بابەتیان فەرامۆشکردوە: شتەکانی دەوروبەرمان، هەروەها پەیوەندی نێوانیان. هاوکات ڕاسڵ لە فاکتەکانەوە ڕودەکاتە ڕاسەڵە. هەروەها ئەو زۆر جۆری ڕاسەڵە دیاریی و شرۆڤە دەکات، بەڵام ئەو وەک شرۆڤەکارێک گرنگی یەکەمی بە ڕاسەڵە شرۆڤەکراوە سادەکان دەدات، کە ئەوانیش بریتیین لە ڕاسەڵەی ئەتۆمی (Atomic Proposition).

هەروەها جیاواز لە ڕەتدانەوە و هێرشەکانی ڕاسڵ بۆ سەر میتافیزیک و ئایدیالیزم و لۆژیکی ئایدیالی (هیگڵ 1770–1831) و (هێربێرت برادلی 1846–1924)، کە نەتوانایە لە لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان فاکتەکان و لێکدانەوەی جیهانی هەستەکی (مێژوی فەلسەفەی ڕاتلیج، 2019، بەرگی ١٠، 145) و زاڵکردنی ڕێبازی ڕیالیزم لە هەمبەر ئایدیالیزم بە هاوکاری (جۆرج ئێدوارد مۆر 1873–1958)ی هاوڕێی لە ئینگلتەرا. ئەمەش دوای ئەو لێشاو و باهۆز و کاریگەریانە هات، کە فەلسەفەی ئایدیالی بەسەر جیهانی فەلسەفی و زانکۆی کامبریجدا نواندی، بە تایبەت لە کۆتا دەیەی سەدەی نۆزدەهەم. بەڵام ڕاسڵ هەرزو خۆی لە کاریگەرییەکان ڕزگار دەکات و بە خوێندنەوەی فەیلەسوفانی ئەزمونگەرا (جۆن لۆک 1650–1722، بێرکلی 123–123، دەیڤید هیوم و جۆن ستیوارت میل)، لێرەوە ڕێبازەکەی خۆی لەسەر ڕێچکەی فەلسەفەی ڕیالیستیانە و چارەسەری کێشە فەلسەفییەکان و میتافیزیک بە لۆژیک و ماتماتیک و زمان دیاریدەکات و لە نوسینێکدا لە ژێر ناونیشانی (چۆن فەلسەفەکەم پەرەیسەند؟) ئاماژەی بۆ دەکات (حمود، 2011، 95).

بە بڕوای ڕاسڵ، فەیلەسوفە مەزنەکانی وەک ئەرستۆ، سپینۆزا، لایبنێتزیش تەنها لەیەک ڕوانگەوە دەڕواننە لۆژیک، ئەویش دیدگەی ڕاسەڵەی هەڵگرییە، کە ڕاسەڵەیەک لە هەڵگر و هەڵگیراوەوە چێدەکات بە پێکبەستێک.

لەمەوە، هەڵوێستی ڕاسڵ لەبارەی ڕاسەڵەی هەڵگرییەوە ڕوندەکەینەوە: لای کلاسیکییەکان هەڵگر و هەڵگیراو بە پێکبەستی (بون بە.. ـە) پێکەوەبەستراون وەک 'گوڵەکە/هەڵگر –سور/هەڵگیراو–ە/پێکبەست'. هەرچەندە بە بڕوای ڕاسڵ بون (كينونة) پێویستییەکی لۆژیکی و زمانییە (المصدر نفسه، 116) بەڵام بەو واتایە نا، کە لۆژیکی فۆرماڵی ئەرستۆیی تەواو لەوبارەیەوە دروست بێت و لە ڕاسەڵەکانیدا پەیوەندی نێوان ناو و وەسفەکانی دۆزیبێتەوە. چونکە، ئەرستۆییەکان پێیانوایە ڕاسەڵەی هەڵگری (Predicate Proposition) بریتییە لە وێنەی بنەڕەتی ڕاسەڵە و هەمو ڕاسەڵەیەکیش دەشێت بۆ هەڵگر و هەڵگیراو و پێکبەست شرۆڤە بکرێت. ئەویش دەشێت لە فۆرمە هەمەکی، هەندەکی، تایبەتی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکاندا دەرکەون. جگە لەم تێبینی و سەرنجانە، ڕاسڵ بەڵگە و ئارگیومێنتی زیاتر دێنێتەوە لەسەر لۆژیکی ئەرستۆ و بە تایبەت (لۆژیکی پێوەر/سیلۆگیزم/منطق القياسي) و دەرەنجامگیری لە پێشدانراوەکانەوە و پەیوەندییان بە بنەما ماتماتیکییەکان و کێشەی جەوهەری میتافیزیکی، هەروەها بە تەواوی ئەم لۆژیکە کلاسیکی و شێوەییە (فۆڕماڵە)، کە بە پلەی یەکەم گرنگی بە ڕوکار داوە، دەخاتە بەر هێرشی ڕەخنە و هەڵوەشاندنەوە و بەدرۆخستنەوە (ڕاسڵ، 2011، 322–332).

هەروەها، ڕاسڵ بڕوای وابو، کە ئەمە هەمیشە فۆرمی ڕاسەڵەی هەڵگریی نییە، بەڵکو ئەمانە ڕاسەڵەی شرۆڤەیین و تەنها گوزارشت لە پەیوەندی نێوان هەڵگر و هەڵگیراو دەکات و دەرخەری پەیوەندیەکانن. لە هەردو فۆرمی هەمەکی و هەندەکیدا، بۆ نمونە 'ئەمە سپییە'، کە ڕاسەڵەیەکی تایبەتە، تەنها سنوری پەیوەندی نێوان شتەکە و سپێتیمان دیاریکردوە، هەروەها لە بارەی ڕاسەڵە گشتییەکانەوە هەمان هەڵوێستی فریگەی هەبو، کە مەرجدار و لکاون، 'هەمو گریکییەکان مرۆڤن' کەواتە ئەگەر 'سۆکرات گریکییە' ئەوا دەبێت 'سۆکرات مرۆڤ بێت' (علي، 1985، 129). هەروەها ڕاسڵ لە گوتاری "زانینی ئێمە لەبارەی جیهانی دەرەکی 1914" دا پێیوایە ڕاسەڵەی لۆژیکی ئەوەیە، کە چۆنێتی دیاریکراوی شتێک دەسەلمێنێت، یا شتێکی دیاریکراو لەگەڵ پەیوەندیەکی دیاریکراو. جیهانی دەوروبەرمان بنەمایەکی لۆژیکی هەیە، بەڵام جیاواز لە لۆژیکی فۆرماڵ. بۆیە ڕاسەڵەی هەڵگریی یا کەسی لەسەر پەیوەندی بیناکراوە، ڕاسەڵەی لۆژیکی ڕاسەڵەی سادەیە، ڕاسەڵەی هەڵگیراوەکان، ڕاسەڵەی ناو و هەڵگیراوەکانە یان هی ناو و پەیوەندییەکانە. هەروەها ڕاسەڵەی لۆژیکی لە ناوی ناسراو و شتێکی دیکە پێکدێت. ڕاسڵ لە تیۆری ژمێرەی ڕاسەڵەکان و ژمێرەی هەڵگیراودا توێژینەوەی تازەی کرد و سێ تیۆری لۆژیکی نوێی پێشنیاز کرد: تیۆری جۆرەکان، تیۆری پۆلەکان و تیۆری وەسپی.

### 1.3: ڕاسەڵەی ئەتۆمی

پێشتر باس لەوەکرا، کە جیهان لە شتی زۆری خاوەن چۆنێتی و پەیوەندی پێکهاتوە، ئەوانیش فاکتەکانن، بەڵام لە ڕێگەی ڕاسەڵەوە دەردەبڕدرێن. لای ڕاسڵ، ڕاسەڵەی بنەمایی و ئەو ڕاسەڵەی لە کۆتایی شرۆڤە و فەلسەفە لۆژیکییە شرۆڤەیی نوێیەکەی پێیدەگەین بریتییە لە (ڕاسەڵەی ئەتۆمی/ Atomic Proposition )، کە سادەترین جۆری ڕاسەڵەیە. ئەم ڕاسەڵە هیچ بەش و بڕی تر لەخۆناگرێت وەک تا ببنە ڕاسەڵەی دیکە، هەروەها تێگەکانی (بڕ)ی وەک هەمو، هەندێک، کەمێک، بڕێک و بەشێک ... لەخۆناگرێت، چونکە ئەمانە گریمانەی بونی ڕاسەڵە لە ناو ڕاسەڵەکەدا دادەنێن (حمود، 2011، 265). لەمەوە، ڕاسەڵەی ئەتۆمی بریتییە لە ڕاسەڵە لەبارەی تایبەتمەندی شتێک یا ناوێکی ناسراو (بە تەنها یەک تایبەتمەندی و نەک زیاتر). ڕاسڵ دەیویست زانایانە و

زانستیانە، بەتایبەت لەسەر میتۆدی زانستە سروشتییەکان، کاری فەلسەفی ئەنجامبدات و شرۆڤەی بابەتەکان بکات، بۆیە هەوڵیدەدات بابەتە میتافیزیکییەکان لە توێژینەوە لۆژیکییەکانی دورخاتەوە، بەمەش ڕاسەڵەی ئەتۆمی دەربڕی میتافیزیک نەبو. بە تایبەت کاتێ لە گوتاری "لەبارەی واتا 1905" بناغەی فەلسەفە شرۆڤەییەکەی ڕشت و هاوشێوەی "گوێزانەکەی ئۆکهام" کەوتە بەردەم ئەو پرسیارەی، کە داخۆ ئێمە چۆن بتوانین، کە تا دوا ڕادەی شیان بابەتی زیادە فڕێبدەین؟ بۆ ئەمەش بێگومان فەلسەفە و لۆژیکی شرۆڤەیی پێشنیاز کرد بە ڕێگەی ڕاسەڵە ئەتۆمییە سادە و تاشراوەکانەوە.

لە هەمبەر ڕاسەڵە ئەتۆمییەکاندا، ڕاسەڵەی هەندەکی هەیە، کە لە دو ڕاسەڵەی ئەتۆمی یان زیاتر پێکدێت و ئاوێتەیە، لە نێوانیاندا پێکبەستی لۆژیکی (و، یان، ئەگەر، ئەوا) هەیە (المصدر نفسه، 273) وەک 'ئەمە سپییە یان سورە' و 'ئەگەر ئاسمان هەور بێت ئەوا باران دەبارێت'.

ڕاسەڵەی ئەتۆمی لای ڕاسڵ چەند تایبەتمەندی و مەرجێکی هەیە، ئەوانیش:

1. لە ناوێکی ناسراو و شتێکی دیکە پێکدێت
2. تێگەکانی بڕ: هەمو، هەندێک و بەشێک... لەخۆناگرێت
3. تەنها ڕودەکاتە یەک تایبەتمەندی و یەک فاکت دەردەبڕێت
4. لەتواناادا نییە دابەش بکرێت و لەوەی هەیە زیاتر شرۆڤەبکرێت
5. گریمانەی میتافیزیکی لەخۆناگرێت.

### 2.3: دروستی و نادروستی ڕاسەڵەی وەسفی/ ڕاڤەیی:

تیۆری ڕاڤەیی، کە ڕاسەڵەی لۆژیکیی و ئەتۆمیی لێوە چێدەکرێت، دروست و نادروست لەخۆدەگرێت. کاتێک ڕاسەڵەیەکی ڕاڤەیی دروست دەبێت، ئەگەر سێ پێشمەرج بونیان هەبو لە ڕاسەڵەکەدا (رشوان و جمیل، 2012، 144)، بۆ نمونە لەم ڕاسەڵەدا 'خانی نوسەری مەم و زینە': ( 1. ئەگەر کتێبێک نوسرابێت بە ناوی مەم و زین 2. ئەگەر تەنها یەک کەس نوسەری کتێبی مەم و زین بێت 3. هەروەها ئەو کەسە خانی بێت). بەڵام بە پێچەوانەوە، سێ پێشمەرجی پێچەوانە هەن بۆ ئەوەی ڕاسەڵەکە نادروست بێت، بەجۆرێک: (1. ئەگەر کتێبێک نەبو بە ناوی مەم و زین 2. ئەگەر کتێبێک هەبو بە ناوی مەم و زین بەڵام زیاتر لە نوسەرێکی هەبو 3. هەروەها ئەگەر هەرکەسێکی دیکەی جگە لە خانی نوسەری کتێبەکە بو).

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەنجامێکی کرۆکی لە تیۆری وەسپیدا، ئەویش کاتێک ڕاسەڵەکە دروست دەبێت، ئەوا ناوە ناسراوەکە و وەسپەکەی/ڕاڤەکەی یەکسان و هاوواتا دەبن. واتا ئەگەر ڕاسەڵەی 'خانی نوسەری مەم و زینە' دروست بو، ئەوا 'خانی' یەکسان و هاوواتای 'نوسەری مەم و زین' دەبێت، لەمەوە، دەتوانین بڵێین: 'نوسەری مەم و زین خانییە'.

### تەوەری چوارەم: تیۆری واتا

یەکێک لە کێشەکانی پەیوەندی نێوان شتەکان و تێگەیشتن لە جیهان بریتییە لە واتای دەربڕین و ڕاسەڵەکانمان. لەبەرئەوە، ناوەکان و ئاماژەکان، ڕاسەڵەکان و دەربڕینە زمانییەکان دەبێ لە جەوهەردا واتادار بن و لۆژیکییانە مەبەستێک بگەیەنن. بۆ ئەم مەبەستە ڕاسڵ بۆچونەکانی خۆی لەبارەی واتا لە گوتاری 'لەبارەی

واتا –1905'ەوە ڕوندەکاتەوە (کە لە جۆرنالی Mindدا بڵاوی کردۆتەوە و لەوێدا لەبابەتی واتای ڕاسەڵە و گرێ ڕاڤەییەکان و تیۆری وەسفەکان دەدوێت و کێشەی ئاماژە و ئاماژێنراو و گوزارشت (دال و مدلول و دلالة) دەخاتە بەرباس (Russell, 1905, pp. 479–493).

(تیۆری واتا Theory of Meaning)ی ڕاسڵ لە خواستی ئەو بۆ دیاریکردنی توانستی ئێمە سەرچاوە دەگرێت. لە بارەی ئەو ڕاسەڵانەی، کە کۆنسێپتە ئاماژەییەکان لەخۆ دەگرن. واتا کۆنسێپتێک دەشێت ببێتە هێما و ئاماژە ئەگەر لە ڕاسەڵەدا ڕوبدات، بەڵام حوکم لەبارەی کۆنسێپتەوە نادرێ، بەڵکو لە بارەی چەمکێکەوە، کە پەیوەندی بە کۆنسێپتێکەوە هەیە. بۆ نمونە 'پیاوێکم بینی' ڕاسەڵەکە ڕو ناکاتە پیاوێک وەک کۆنسێپت و چەمکێکی ڕوت (ئەبستراکت) چونکە چەمک و ناوەکان ئاماژەن بۆ شتەکانی ناو جیهان (حمود، 2011، 130)، بەڵکو ئەوەی بینیم شتێک بو، پیاوێکی ڕاستەقینە/Actual بو لە فاکتێکی جیهانی ڕوداودا، هەرچەندە وەسفی پیاوەکە دیارینەکراوە و نەناسراوە، بەڵام چونکە ڕاسەڵەکە کۆنسێپتی ئاماژەداری لەخۆگرتوە (Ibid, 481)، کە دەشێ ئەو پیاوەی بینیم شوانێک بوبێت، ئەوا هەمیشە بە واتاداری دەمێنێتەوە، پیاوێک یان شوانێک دواجار لە پۆلێنی بوندا مرۆڤن. یاخود کاتێک دەڵێین (گوڵی سور هێمای خۆشەویستییە) و (گوڵی سور گوڵێکە لەسەر لاسکێکی دڕکاوی وەستاوە) ئەوا دەبینین واتاپێدانی ئێمە بە شتەکان لە ئاگایی ئێمەوەیە یان لە خودی شتەکان خۆیانەوە، کە نمونەی یەکەم ئاگایی ئێمە دروستی کردوە و نمونەی دوەمیش سروشتییە، لە هەردو نمونەکەشدا گوڵەکە هەقیقییە و ڕاڤە و تایبەتمەندی و وەسفەکەی دەگۆڕێت.

ڕاسڵ لە تیۆری واتادا، پێیوایە، کە هەر دەربڕینێک لانیکەم دو بەهای گوزارشتی هەیە، یەکێکیان بۆ شتی ئاماژەبۆکراو دەگەڕێتەوە، ئەویدیکە بۆ تێگەیشتن و واتای شتەکە. هەروەها، ڕاڤە هەمیشە ڕودەکاتە بابەت/ناو/شتێک و واتاکەی دیاریدەکات لە فاکتێکدا. هەرچەندە بۆ (گۆتلۆب فریگە 1925–1848) ئاماژە دەبو بە واتا، بەبێ ئاماژە واتا چێنەدەبو، هەروەها واتا هەمیشە ڕوەو شتێکی هەقیقی ئاراستەی دەگرت و ئاماژەی دەکرد، ئەمەشی بە ڕونی لە گوتارە بەناوبانگ و بەپێزەکەیدا (لەبارەی واتا و ئاماژە/ On Sense and Reference)دا بڵاوکردۆتەوە، کە دیدێکی ئۆبژێکتیڤیانە ئاراستە وشە و واتا دەکاتەوە لە فەلسەفەی زماندا و لەو باوەڕەیدایە بۆ ئەوەی دەربڕین و ڕاسەڵەیەک واتای هەبێت دەبێت ئاماژە بە ستێک و هەبویەک بکات، جگە لە ڕستە ژمێرەییەکان، کە ڕودەکەنە جیهانی ژمارە و دروستیشن. بەڵام ڕاسڵ کەمێک جیاوازتر و دورتر ڕۆیشت. ڕاسڵ پێیوابو دەربڕین ئەگەر ڕوبکاتە هەرشتێک ئەوا واتایەکی هەردەبێت جا تەواو بێت یان ناتەواو، هەرچەندە بۆ ڕاسڵ واتا دەبێ ئاماژەی ڕاستی و فیزیکی بەرجەستەی هەبێت نەک خورافی بۆ ئەوەی دروست بێت، بەڵام دەشێ دەربڕین هەبێت واتای بەرهەستی و ئەزمونکراوی نەبێت (حمود، 2011، 279). کەواتە فاکتەکان لە دو فۆرمدا واتا دیاریدەکەن: 1. ئەگەر دەربڕینەکە ڕوبکاتە بونێکی ڕیالی/هەقیقی وەک خۆر و مانگ، ئەوا واتای تەواو دەدەن و تێگەیشتنی ڕاڤەیی ڕون دروستدەکەن 2. بەڵام ئەگەر دەربڕینەکە ڕوبکاتە بابەتێکی ناڕیالی ئەوا واتای تەواو نادەن، بەڵام هەر ڕویانکردۆتە شتێک/بابەتێک، چونکە لە دەربڕینی ڕستەیی و ڕاسەڵەیی دا هاتون، بۆ نمونە سێگۆشەی بازنەیی و پاشای ئەمڕۆی فەرەنسا و کێوی زێڕین، وەک فاکتی ناتەواو و واتای ناتەواو دەمێننەوە، بەڵام هەر ڕویان کردۆتە بابەتێک لە وێنا و زەیندا.

کەواتە، ئاماژە لای ڕاسڵ هەمیشە دەبێ واتای هەبێ، واتا دەبێتە ئاماژە و ئاماژەش دەبێتە واتا، بەڵام دەشێ ئاماژەیەکی بێواتا یان واتا–ناتەواو هەبێت، کاتێک لەبارەی بابەتێکی ناریالی ڕستەیەک یان ڕاسەڵەیەک دەردەبڕین. بە گوتنێکی دیکە، ئەوانە هێندە پوچ و بێواتا نین، وەک فەیلەسوفانی پێشتر پێیانوابو، وەک فریگە و گوتارەکەی لەبارەی واتا و ئاماژە، کە پێشتر ئاماژەمان بۆکردوە.

## تەوەری پێنجەم: زمان و زانین

بێرتراند ڕاسڵ نەک تەنها لە فەلسەفەی زمان و لۆجیک و مێتۆدەی شیکاریدا، بەڵکو لە توێژینەوە و تێزەکانیدا لە بوارەکانی دیکەشدا بۆ بایەخی زمان و زانین (Knowledge & Language) دەگەڕێتەوە، بەتایبەت زانینێک، کە لە پاڵافتەی (ڕاستی و هەڵە) تێپەڕیوەو یەکالا بۆتەوە. هاوکات بابەتی (دروستی و نادروستی) دو بەهای لۆژیکین و بە ڕێگەی لۆژیک و مێتۆدەکانی و فەلسەفەی زمان ڕاسەڵەیان لەبارەوە دەدرێت، هەروەها بەهازانی (Axiology) یەکێکە لە سێ لقە سەرەکییەکانی فەلسەفەی کلاسیک لەپاڵ هەردو لقی (بونزانی/Ontology و تیۆری زانین/Epistemology). واتە ڕاسڵ زانین بە زمانەوە گرێدەدات و پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی هەڵدەچنێت، ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی بە جیهانی دەرەکی یان ناوەوە هەبێت. بۆ زانینی زیاتر بڕوانە بەشی نۆیەم لە کتێبەکەی ڕاسڵ (ڕەوشت و سیاسەت لە کۆمەڵگەی مرۆییدا)، کە چۆن بابەتە ئاکارییەکان بە زانین و پێناسەی لۆژیکی بەهاکانەوە دەبەستێتەوە (ڕاسڵ، 2015، 134).

زانین پرۆسەی نێوان زانەر و زانراوە. کاتێک پەیوەندییەکی ئاگامەندانە و زانینانە لە نێوان کەسی زانەر و بابەتی زانراودا دروست دەبێت، بەڵام زانین لای ڕاسڵ ئایدیالیستی نییە، کە کەسی زانەر خۆی بەرهەمهێنەری زانین بێت، بەڵکو زانین جۆرێکە لە ئەزمون و درککردنی جیهانی دەرەوە. لەم پرۆسەیەدا پەیوەندی نێوان زانەر و بابەتی زانراو بە دو شێوەیە: ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ (حمود، 2011، 221).، کە زمان ڕۆڵی کارا و بنەڕەتی دەگێڕێت لە پرۆسەی زانیندا، تەنانەت هەندێک جار زانینی ئێمە بریتییە لە زانینی زمان و ڕستە و نێو کتێبان. وەک 'بسمارک پیاوێکی زیرەک بو' چونکە ئێمە هاوڕێ و هاوسەردەمی بسمارک نین، ناچار بە ڕێگەی زمان و نوسینەوە لەبارەی بسمارک دەزانین. بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە، ڕاسڵ دو جۆری زانین دیاریدەکات:

یەکەم: زانینی ڕاستەوخۆ؛ کە بنەمای هەمو زانینەکانە، لە ئاگایی ڕاستەوخۆ بۆ شتێک دێت بەبێ نێوەند، بۆ نمونە کاتێک ئاگاییمان ئاراستەی مێزێک دەکەین، 'ئەمە مێزە'، کە ئاماژەیە بۆ ئاراستەکردنی ئاگایی ئێمە بۆ شتێک و بەرکەوتن و ئیدراککردن و ئەزمونکردنی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەوا ڕەنگ و شێوە و چۆنێتییە بەرجەستەییەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەزمون دەکەین. ئەم جۆرە زانینە پێشیدەگوترێت زانینی یەکەمی. لە نمونەی 'بسمارک پیاوێکی زیرەک بو' ئەوانەی هاوسەردەم و هاوڕێی بسمارک بون و ڕاستەوخۆ ئەزمونی ئەویان هەبو، ئەوا زانینی یەکەمی و ڕاستەوخۆیان بۆ بسمارک دەبێت.

دوەم: زانینی ناڕاستەوخۆ؛ ئەگەر لە تواناادا نەبو ڕاستەوخۆ زانین و ئاگاییمان ڕوە و بابەتێک ئاراستە بکەین، یان بە گوتنێکی دیکە ئەوەی بە ڕاستەوخۆ نایزانین ئەوا دەتوانین ناڕاستەوخۆ بە یاریدەی تیۆری ڕاڤەیی بیزانین، کە بریتییە لە زانین لە ڕێگەی وەسف (حمود، 2011، 227). ئەم جۆرە زانینە پێشیدەگوترێت زانینی دوەمی. لە نمونەی 'بسمارک پیاوێکی زیرەک بو' بۆ کەسانی دوای بسمارک و ئەوانەی ئەزمونی ڕاستەوخۆی بسمارکیان

نەبوە، بۆ نمونە ئێمە، ئەوا دەبێ بە ڕێگەی گەیاندنی زمانی و ڕاڤەییەوە وەسفی بسمارکیان بۆ بکرێت و ناڕاستەوخۆ لەبارەی بسمارکەوە زانینیان وەرگرن. یان کاتێک دەڵێین 'پیاوە خاوەن ماسکە پۆڵاییینەکە' و 'سۆکرات لە یۆنان دەژیا'.

لێرەوە دو جۆری ڕوداو لەبارەی ڕاسەڵە و زانینی ڕاسەڵەکان دەردەکەون، ئەوانیش بۆ دڵنیابون لە دروستی و نادروستی ڕاسەڵەکان سودبەخشن. ئەوانیش؛ ڕوداوی یەکەمی و ڕوداوی دوەمین؛ لە زانینی ڕاستەوخۆدا ڕوداوی یەکەمی هەیە و ئەزمونی ڕاستەوخۆ دەکرێت، بەڵام ئەگەر کەسێک، بۆ نمونە ئازاد، بیەوێت بزانێت داخۆ 'بسمارک پیاوێکی زیرەک بو' ئەوا دەکەوینە بەردەم ڕوداوی دوەمی و زانینی ناڕاستەوخۆ، کە لە ڕێگەی کۆنسێپتە زمانییەکانەوە وەرمانگرتوە.

## ئەنجام

- بێرتراند ڕاسڵ هەوڵیداوە لە ڕێگەی لۆژیک و زمانەوە، کێشەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان چارەسەر بکات. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا فۆرم و بونیادی زمان لەسەر بنەمای لۆژیک بونیاددەنێت و ڕستە زمانییەکانیش دەکات بە ڕاسەڵەی لۆژیکی، هاوکات جیهان و شتەکانیش بەشێوەی لۆژیکی دەکات بە فاکتەکان، دواتر پەیوەندی لۆژیکی نێوانیان دەدۆزێتەوە.
- ڕاسڵ وەک یەکێک لە ڕابەرانی فەلسەفەی شیکاریی، مێتۆدەی شرۆڤە بۆ ڕاڤەکردن و لێکشیتەڵکردنی زمان و جیهان بەکاردەبات، بۆ ئەوەی بگات بە بنەما سادە و ناسراو و پێکهێنەرەکانی زمان و جیهان. ئەم ڕێگە لۆژیکییە زیاتر لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی نزیکی دەکاتەوە و سروشتی زمان و جیهان لە ئاوێتە و ئاڵۆزەوە سادە دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن و زانین و ئاشکراکردنی. بۆ ئەمەش زمان دەگەیەنێت بە ناوی ناسراو و ڕاسەڵەی ئەتۆمی، کە ناومان ناوە (فیزیای زمان) و جیهانیش دەگەیەنێت بە فاکتەکان.
- بۆ زانین و تێگەیشتنی جیهان لە ڕێگەی زمانەوە، پێویستە سادەترین یەکەی زمان، کە ناوە ناسراوەکانن لە بەرامبەر شتە هەبوەکان دابنێین، دواتریش بە شێوەی لۆژیکی ناوە ناسراوەکان و شتە هەبوەکان وەسف بکەین و پەیوەندی و چۆنێتییەکەیان لە فاکتی نێو کەتواردا بزانین بۆ ئەوەی بە ڕاسەڵەی لۆژیکی گوزارشتیان لێبکەین و واتاکانیان دیاری بکەین.
- واتای فاکت و جیهان دەکەوێتە سەر ڕودان و هەبونی فاکتەکان، بە جۆرێک جیهانی سروشت و ڕوداوەکان، کە هەیە و لە ئارادایە بە زمان و ئەزمون ئیدراک دەکرێت. کەواتە بەشێوەی سەرەکی واتا دەکەوێتە سەر بون و نەبون، هەروەها دەشێ دو شت هەبن بەڵام پەیوەندیان نەبێت و فاکتێکیان دروست نەکردبێت، بۆ نمونە کێو و زێڕ هەن بەڵام پەیوەندیان نییە تا بڵێین کێوی زێڕین، کەواتە واتایەکی هەقیقی نادات، جگە لە وێنایەکی نادروست.
- زانین، کە لەسەر زمان و پەیوەندی بە جیهانەوە وەستاوە، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، لە کاتی ڕودانی فاکتەکاندا زمان ڕاستەوخۆ بە بێ هیچ نێوەندێک دەتوانێت حوکم لەسەر

شتەکان بدات، بە پێچەوانەوە ناڕاستەوخۆ دەبێت لە شێوەی گێڕانەوە و نوسین و یادەوەری وەسف بکرێت، کە دەڵێین (ئەمە سپییە) واتە ڕاستەوخۆ زانین و ئیدراکمان بۆ شتێکی ڕەنگ سپی هەیە، بەڵام (ئەرستۆ لە یۆنان دەژیا) پێویستی بە گێڕانەوە و خوێندنەوە و وەسف هەیە، کە دەبێتە زانینی ناڕاستەوخۆ و دوەمی لە ڕێگەی نێوەند و گەیەنەرێکی دیکەوە.

# The Relationship between the World and Language in Bertrand Russell's Philosophy

**Aram Qadir Sabir**

Department of Philosophy, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

In the contemporary philosophy and more specifically in philosophy of language, one of the essential issues of philosophical studies is the relationship between language, the World and knowledge about the world. Bertrand Russell as one of the leaders in logical analysis in contemporary philosophy considers logical foundation as significant pillar for language. He defines language, meaning knowledge in the context of logic and he forms the world in the logical facts. From here, a link between language and reality will be created, and thus there is an intention to break the other traditions.

Bertrand Russell tried to write many books and essays and his literary heritage has become an important asset in philosophical discourses. This study aims under the Russell’s arguments to analyze the relationship between language and the world. It attempts from a different perspective to reach a different form of existence and world. This purpose helps in language activities in manifesting correct knowledge about the world that it has facts, events, state of affairs, reality and logic.

Russell's attempts to connect between language and reality in the world produced many valuable arguments and thesis. This is on the foundation of logical analysis changes language to propositions and changes the world to facts instead of things. In addition, arranges all theories about meaning, descriptions, proper names and knowledge through the atomic propositions. Furthermore, he based his understanding to the external world, existing of things and the relations between them on logical language.

**Key words**: Language, World, Knowledge, Logic, Proposition and Fact.

## سەرچاوەکان

ڕاسڵ، بێرتراند (2011): مێژوی فەلسەفەی خۆرئاوا، و. فازڵ محمود وەلی، چ١، چاپ و پەخشی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ڕاسڵ، بێرتراند (2015): ڕەوشت و سیاسەت لە کۆمەڵگەی مرۆییدا، و. بەهرام محمد کاکل، چ1، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
کۆنفێلد ،جۆن ڤی: (2019): مێژوی فەلسەفەی ڕاتڵێج، بەرگی 10، و. سەعید کاکی، چ1، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمان.

راسل، برتراند (2005): ما وراء المعنى والحقيقة، ت. محمد قدري عمارة، ط1، المشروع القومي للترجمة، القاهرة.
حمود ،جمال (2011): المنعطف اللغوي في الفلسفة المعاصرة برتراند راسل نموذجا، ط1، منشورات الاختلاف، الجزائر.
كامل، فواد (1993): اعلام الفكر الفلسفي المعاصر، ط1، دار الجيل، بيروت.
علي، ماهر عبدالقادر (1985): فلسفة التحليل المعاصر، ط1، دار النهضة العربية، بيروت.
رشوان، محمد مهران و جميل، عصام زكريا (2012): فلسفة اللغة، ط1، دار المسيرة، عمان.
نصري، هاني يحيى (2003): المنصق والابستمولوجيا معيار العلم والمعرفة، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.
وايت، مورتون (2010): فلاسفة القرن العشرين عصر التحليل، ت. اديب يوسف شيش، ط1، دار التكوين، دمشق.
Bertrand Russell, (1905), On Denoting, Mind, New Series, Vol. 14, No. 56.
Bertrand Russell, (1912): Our Knowledge of the External World as a Field for Scientific Method in Philosophy, George Allen & Unwin Ltd, London.
Bertrand Russell, (2010): the Philosophy of Logical Atomism, Routledge Classics.
Ludwig Wittgenstein, (2010): Tractatus Logico Philosophicus, Routledge Classics.
https://www.plato.stanford.edu/entries/descriptions.

راسل، برتراند (1400): اتميسم منطقى، ت. جلال پى كانى، چ٢، نشر علم، تهران.

* (ڕاسەڵە/Proposition): لە سەرچاوەکان و نوسینی تایبەتمەندانی بواری لۆژیک، بە شێوەی (گوزارە، دەستەواژە، بڕیار و حوکم) هاتوە. زاراوەکە لە بنەڕەتدا بە واتای دەربڕینێک یان ڕستەیەک دێت، کە بڕیار لەسەر بابەت، پەیوەندی، ڕوداو و فاکتێک دەدات، بۆ نمونە (سۆکرات فەیلەسوفە) لێرەدا دەبێ سۆکرات فەیلەسوف بێت ئەگەر نا هەڵە دەبێت، کەواتە لە ئەنجامدا دەبێت ڕاست یان هەڵە بێت، هەر ئەم هۆکارەشە لە ڕستەی هەواڵدەری (خەبەری) جیای دەکاتەوە. ئێمە لە لێکدانی ڕاست و هەڵە زاراوەی (ڕاسەڵە)مان پێکهێناوە، وەک چۆن لە زمانی عەرەبیدا لە قەزاوەتی نێوان دو ناکۆک زاراوەکە داتاشراوە و کراوە بە (القضية)، هاوکات لە زمانی فارسیشدا زاراوەی (گذارە)ی بۆ دانراوە و بەشێک لە نوسەرە کوردەکان بە گوزارە دەریدەبڕن، دەستەواژەش هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاسەڵەوە نییە. هەر ڕاسەڵەیەک، کە حوکم و بڕیار لەسەر هەواڵێک دەدات دەبێت لانیکەم لە سێ بەش پێکهاتبێت: (بابەت/هەڵگر:، کە حوکم و بڕیارەکەی بەسەردا دەدرێت و دەبێتە هەڵگری بارێک، هەڵگیراو، کە بارێکە بەسەر هەڵگرەوە، هەروەها پێکبەستی لۆژیکی نێوان هەڵگر و هەڵگیراو، کە پێیدەگوترێت کۆپلا و پەیوەندیەک لە نێوانیاندا دروستدەکات، واتە هەڵگر/الموضوع/Subjectو هەڵگیراو/محمول/Predicate و پێکبەست/الرابط/Copla) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (نصري، 2003، 223).